# ئەگەر هەریەکێکتان وەستا لە ناو نوێژدا ئەوا قسە لەگەڵ پەروەردگاری دەکات، یان پەروەردگار لە نێوان ئەو کەسە وقیبلەدایە، بۆیە با هیچ یەکێکتان تف نەکات بەرەو ئاراستەی قیبلە، بەڵکو تف بکات بە لای چەپیدا یان بە ژێر پێیدا

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تفێکی (بەڵغەمێکی) بینی لە ئاراستەی قیبلەدا بوو، ئەمە ناڕەحەت بوو بە لایەوە ولە دەموچاویدا ئەم ناڕەحەتیە بینرا، بۆیە هەستا بە دەستی بەڵغەمەکەی لابرد، وفەرمووی: «ئەگەر هەریەکێکتان وەستا لە ناو نوێژدا ئەوا قسە لەگەڵ پەروەردگاری دەکات، یان پەروەردگار لە نێوان ئەو کەسە وقیبلەدایە، بۆیە با هیچ یەکێکتان تف نەکات بەرەو ئاراستەی قیبلە، بەڵکو تف بکات بە لای چەپیدا یان بە ژێر پێیدا»، پاشان لێوارێکی جلەکەی هێنا وتفێکی تێدا کرد وپێچایەوە، وفەرمووی: «یان دەبێت ئەو کەسە بەم شێوەیە بکات (ئەو کەسەی تف دەکات یان بەڵغەم فڕێ دەدات بەم شێوەیە فڕێی بدات)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تفێکی (بەڵغەمێکی) بینی لەسەر دیواری مزگەوت لە ئاراستەی قیبلەدا، ئەمە بووە هۆی ناڕەحەت بوونی هەتا لەسەر ڕووی ئەم ناڕەحەتیە بینرا، وخۆی هەستا وپاشماوەی بەڵغەمەکەی لابرد بە دەستە پیرۆزەکانی ئەمیش بۆ فێرکردنی ئومەتەکەی، وبۆ دەربڕینی سادە بوونی -تواضع-ی بەرامبەر پەروەردگار وخۆشەویستی ماڵەکەی کە مزگەوتە، وپاشان باسی ئەوەی کرد ئەگەر بەندە لە ناو نوێژدا بوو ئەوا داوا لە خودا دەکات ودەپاڕێتەوە وزیکر ونزا دەکات، وقورئان دەخوێنێت، بۆیە دەبێت لەم حاڵەتەدا خشوعی هەبێت لە نوێژەکەیدا وبیر لە مەزنی خودا بکاتەوە وبیری لای ئەو قورئان ونزا وزیکرانە بێت کە دەیخوێنێت، وخۆی دوور بگرێت لە شتێک کە دوورە لە ڕەوشت جوانی بەرامبەر خوای گەورە -سبحانه وتعالى-، ونابێت تف (یان بەڵغەم) فڕێبدات بەرەو ئاراستەی قیبلە، وپاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنمونی کردن بەوەی کە پێویستە ئەنجامبدرێت لە کاتی هەبوونی بەڵغەم وتف وهاوشێوەکانیان، ئەویش ئەگەر پارچە پەڕۆیەک یان کلێنکس یان هەر شتێکی تر هەبوو پێویستە تفەکە (یان بەڵغەمەکە) بخرێتە نێو ئەو پارچە پەڕۆیەوە یان بخرێتە نێو پارچەیەک لە جلەکەی بەری وپاشان جلەکەی پاک بکاتەوە لە پاش ئەنجامدانی نوێژ، وئەگەر ئەمانەی پێشوو نەکرا ئەوا پێویستە تف (یان بەڵغەم) بکات بە لای چەپیدا وبیکاتە ژێر پێی چەپی وبیدات بەیەکتردا بۆ ئەوەی پاشماوەکەی نەمێنێت ودیار نەبێت. وپێویستە نوێژخوێن هەست بەوە بکات کە بەرامبەر پەروەردگار ڕاوەستاوە -سبحانه وتعالى- کە لە ئاسماندایە لە سەرووی عەرشەوە، وخودا دەوری هەموو شتێکی داوە وزانیاری سەبارەت بە هەموو شتێک هەیە وهەموو شتێک دەبینێت ودەبیستێت وئەمیش مانای ئەوە نییە کە خودا تێکەڵ بە بوونەوەرەکانی دەبێت یان لەو شوێنەدایە کە نوێژخوێنەکان نوێژی تێدا دەکەن، چونکە هیچ شتێک وەکو خودا نییە وهەرگیز نابێت مرۆڤ بیر لە زاتی مەزنی خودا بکاتەوە، هەروەکو دەفەرموێت: {لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ} [الشورى: 11] واتە: {هیچ شتێك وەکو خودا نیە (نە لەزات و نە لەسیفات و نە لە کرداریدا) وئەو زاتە بیسەر وبینایە}، بۆیە خودا نزیکە لە نوێژخوێنان ونزیکە لەو کەسەی داوای لێدەکات ونزا دەکات وئەم نزیکیە شایستەیە بە مەزنی خۆی، وەکو نزیکی بوونەوەرێک نییە لە بوونەوەرێکی تر، ونمونەش بۆ ئەمە لە دروستکراوەکانیدا؛ خۆر لە سەرەوەی تۆیە بەڵام لە کاتی ڕۆژهەڵاتنیدا یان ڕۆژئاوابوونیدا بەرامبەرت دەبێت.

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee